# لاوان و ڕیفراندۆم بۆ دەستوور

2005.10.15 ڕۆژی دەنگدان بوو بۆ ڕەشنوسی دەستووری عێراق لە زاخۆوە بۆ بەسرە , ئەم دەستوورە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە زۆر بەشانوباڵیدا هەڵدراو , وایان ئیدعا دەکرد کە خەڵکی کوردوستان و عێراق بە شێوەیەکی بێ وێنە پێشوازی دەکەن لە ڕیفراندۆم بۆ ڕەشنوسی دەستوور , بەڵام واقیعەتەکان پێچەوانەی ئەم ئیدعایانەیان نیشاندا , بەتایبەت ئەم حاڵەتە بە تەلەفزیۆن و هەواڵ و لێدوانەکانی ڕابەرانی ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردوستانەوە دیاربوو .

لەم پرۆسە فاشلەدا ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردوستان و سەرکردایەتیان لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیانەوە بە هیچ جۆرێک نەیانتوانی بێزاری و تورەی خۆیان لە لاوانی کوردوستان بشارنەوەکە بەشداری ئەم پرۆسەیان نەکردووە و , بە شێوەیەکی بەرفراوان بایکۆتی ئەم دەستوورە دژی لاوانانەیان کرد , لە زمانی چەندین لە ڕابەرانی ئەحزابی دەسەڵاتدار لە کوردوستان هەڵوێستی لاوان سەبارەت بە دەنگ نەدانیان بۆ دەستوور وەک لایەنێکی بێئاگای و بێدەربەستی لاوان بەرانبەر دۆزە چارەنووس سازەکان هەڵسەنگێنراو , بە زمانێکی ڕەق و هەڕەشە ئامێزەوە بەوە ئەیانترسێنن کە ئەوان ئەنفال و کیمیاباران و زیندانەکانی بەعسیان نەدیووە بۆیە دەنگیان بە دەستوور نەداوە , بەو مانایەی ئەگەر سەرکووتی بەعسیان نەدیووە ئەوا ئێمە نیشانیان دەدەین ئەگەر مل بە بەرژەوەندی ئێمە نەدەن .

لاوانی کوردوستان لە هەڵوێستیکی ئینسانی و جەسورانەی خۆیانەوە دەنگیان بە دەستوور نەدا , هەر تەوهێنێک بە لاوان مایە بەتاڵەو ئاسنی سارد کوتانە , دەنگ نەدانی لاوان بە دەستوور هۆ نیە بەڵکو بەرئەنجامی بێمافی و هەلومەرجێکی سەختی ژیانە ,کە لاوان زیاتر لە 15 ساڵە لە سایەی دەسەڵاتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردا دەیگوزەرێنین . دەنگ نەدانی لاوان و بایکۆتی ئەم دەستوورە بەمانای وەستانەوە لە دژی ئەو پەیامە ڕەشەی دەستوور لە هەناوی خۆیدا حەشاریداوە بەرانبەر لاوان و حەزو ئارەزووە ئینسانیەکانیان , لاوان دەنگ بە دەستوورێک نادەن کە بە دڕکودالێ ئیسلام و قەومگەرای و شەق و زلەی جەعفەری و حەکیم و سەرانی ئەحزابی قەومی کوردەوە بە یەکەوە لکێنرابێت , لاوان دەنگ بە دەستوورێک نادەن کە وەک ئینسان سەیریان نەکات و ئەم ژیانە غەمگینەی ئێستایان بۆ نەکاتە بەهاری سەوز .

زیاتر لە 15 ساڵە لە کوردوستان لاوان دەست و پەنجە نەرم دەکەن لەگەڵ دەسەڵاتێک کە هەرچی دژی لاوانە ئەنجامی داوەوکەمتەرخەمی نەکردووە, لاوان ئەو توێژەن لە کۆمەڵگا کە دەتوانن دەور و نەخشیان هەبێت و لە ڕەوڕەوەی بەرەو پێش چوونی شارستانیەت و پێشکەووتندا جێگەی دەستیان دیار بێت, بەڵام لاوان لە کوردوستان ئەم ئەرکەی لێسەنراوەتەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە , چونکە دەزانن ئیرادەو خەلاقیەتی لاوان لەگەڵ ئارەزوویان بۆ ژیانێکی ئازادو ئینسانی و یەکسان لە گەلڕ سیستەمی دەسەڵات و حاکمیەتی ئەواندا ناگونجێت .

چەندین جار لە کاتی سەردانی سەرەک عەشیرەت و پیاو ماقوڵانی خێڵ بۆ لای سەرکردایەتی ئەحزابی دەسەڵاتدار لە کوردوستان , دوای ئەوەی باسی ئەوە دەکەن کە کۆبوونەوەکە سەرکەوتوو بوو , پاشان دەڵێن بەڵێنماندا بە فلانە سەرەک عەشیرەت کە لاوەکانیان بۆ دابمەزرێنین , ئەم سیستەمی دامەزراندنە لە چ ووڵاتێکی ئەم دنیایەدا هەیە , لاوان بۆ دەبێت لە ڕێگای عەشرەت و هۆز و تایفەوە دابمەزرێت لە کاتێکدا ئەمە سەرەتایترین مافی هەر ئینسان و هەر لاوێکە .

لە ڕاستیدا پیلانەکە ئاشکرایە دەسەڵات دەیەوێت بە کەم زۆر بگرێت و لاوان لە دەوری سەرەک عەشیرەت و سەرەک هۆز کۆبکاتەوە , ئەمەش پێچەوانەی دنیابینی و ئارەزووەکانی لاوانە , دەسەڵاتێک ئەم بۆسەیە بۆ لاوان بنێتەوە لە کوێ وەڵام بە داخوازیەک دەداتەوە کە هوشیاری و ئیرادە و تواناکانی لاوان بەرێتە سەرەوە .

بەپێی ئامار لە کوردوستان ئەو دەزگاو جێگانە زۆرن کە دژی لاوانن و ئەو دەزگاو جیگایانەش کە لاوان پێوویستیانە لە ئاستی سەرەتاشدا نیە , ماوەیەک لەمەوپێش تەلەفونم بۆ هاوڕێیەکی خۆشەویستی خۆم کرد لە هەڵەبجە کاتی خۆی پێکەوە یاری تۆپی پێمان دەکرد , من دەمزانی هەڵەبجە یاریگای نێودەوڵەتی تێدا نیە بەڵام دوو دڵ بووم لەوەی کە هیچ نەبێت گۆڕەپانێکی چیمەن و

هەندێک شتی سەرەتای کراوە وگۆڕاوە , من لە هاوڕێکەم پرسی دەنگوباسی گۆڕەپانەکەتان ئەو ووتی ئەو گۆڕەپانەی تۆ 20 ساڵ پێش ئێستا یاریت تیاکردووە هەر وەک خۆیەتی و هیچ ئاڵوگۆڕێک ڕووی نەداوە .
بەڵام ئێوە بڕۆن سەیرکەن بزانن لە هەڵەبجە چەندین مزگەووتی گەورە گەورە و چەندین ملیۆن دۆلار سەرف کراوە , بڕۆن بزانن چۆن پارە بۆ خانەقاو دیوانی سەرەک عەشرەتەکان سەرف دەکرێت , لاوێک کە لە پۆلی شەشەمی ئامادەی دەردەچێت ئەبێت هاوینەکەی بگەڕێت بزانێ لای کام دەستەوتاقمی ئیسلامی یان حیزبی قەومی جێگای دەبێتەوەو بەشی ناوخۆی بۆ دابین دەبێت , ئەڵبەت ئەوە بەشی ناوخۆی نیە, بەقەدەر ئەوەی تەڵەیەکە بۆ ڕاوکردنی لاوان و ناچارکردنیان و ملدانیان بە سیاسەتی دژی ئینسانی دەسەڵاتداران .
دەسەڵاتداران دەیانەوێت جۆش و خرۆشی پڕ بەهای تواناکانی لاوان و حەزو ئارەزووەکانیان بە چەند بنکەیەک و یەک دوو سەیران دابمرکێنێتەوە و هەر هەوڵێکی لاوان بۆ گەشتن بە مافەکانی خۆیان بە گێرە شێوێن و لادەر و هەرزەکارانە سەرکووت بکەن , لاوان ژیانێکی ئینسانی و فەزایەکی کراوەی وایان دەوێت کە تواناکانیان دەربخەن و ممارەسەی ئارەزوەکانی خۆیان بکەن , لاوان دەیانەوێت لە کۆمەڵگایەدا قسەیان هەبێت و گوێیان لێبگیرێت , لاوان دەیانەوێت خۆشەویستیان لێ یاساغ نەکرێت , لاوان دەیانەوێت دەستیان بگات بە تەواوی پێشکەوتن و خزمەتگوزاریە زانستیەکانی ئەمڕۆ , لاوان دەیانەوێت بە ئازادی بیربکەنەوەو بەئازادی جۆری ژیانی خۆیان هەڵبژێرن , لاوان دەیانەوێت داینەمۆی سوڕاندنی زانست و فێربوون بن لەم کۆمەڵگایەدا .

لاوان دەنگ بە دەستوورێک نادەن کە نەتووانێت ژیانی ئازاد و داخوازی ڕۆژانەیان بۆ دابین نەکات , لاوان سیستەمێکی مەدەنی یان دەوێت بۆ ژیان , لاوان مەلەوانگە , خوێندنگای هاوچەرخ , کتێبخانەی دەوڵەمەند, جێگای سەرگەرم کردن و شوێنی حەوانەوە , پارک و باخچەی ڕازاوە , خولی زانستی و فەرهەنگی و ڕۆشنبیری , سیستەمێکی دروستی پەروەردە و فێرکردنیان دەوێت .

دەستوور لاوان دەپێچێتەوە بە یاسا کۆنەپەرستەکانەوە , دابونەریەتی عەشایریان بۆ زیندوو دەکاتەوە , موقەدەسات و پیرۆزگاکان دەکاتە زنجیری دەست و قاچیان , سنووری حەرامکراوەکانیان بۆ دەکێشێ , دەستوور بە لاوان دەڵێت نابێ بەرانبەر دژەکانتان ڕابووەستن و دەبێت گوێ ڕایەڵی ئێمە بن کە لەجیاتی ئێوە بیر ئەکەینەوە .
لاوان لە کوردوستان بارەگای حیزبەکان , خانەقای شێخەکان , شەڕی دەسەڵاتەکان , مزگەوت و حوجرەکان , باخەڵی خاڵی و خوێندنگای بێ مەعریفەی ناوێ , لاوان لە کوردوستان بە جەوری ڕۆژگار و بە ئامادەیەکی سیاسیەوە دەنگیان بە دەستوور نەدا .

لاوانی کوردوستان دەستان خۆش و کاروانی ناڕەزایەتیتان هەر بەردەوام بێت , ئێمە ژیانی لاوێتیمان لە ژێر سایەی دەسەڵاتی بەعس گوزەران , ئێوەش لە ژێر سایەی ئەحزابی دەسەڵاتدار لە کوردوستان , ئەوەی وامان لێدەکات زۆر لە یەکتر بچین بێمافیەکانمانە لە هەردوو قۆناغەکەدا , دەنگ نەدانتان بە دەستوور سەرەتای نیشاندانی بروسکەیەکی تازەیە و کارەکە هەربەوە تەواو نابێت , ئێوە پێوویستان بە کۆکردنەوەی خۆتان هەیە , پێوویستان بە یکڕیزی و هاودڵی هەیە , پێوویستان بە ئاسۆیەکی ڕۆشنی سیاسی و ئامانجێکی کۆمەڵایەتی هەیە, پێوویستان بە تەکاندنی خۆتانە لە هەر تەوەهومێک کە بە دەسەڵاتداران هەتانە , ئێوە پێوویستان بە سەراسەری کردنەوەی ناڕەزایەتی و داخوازیەکانتان هەیە .
بەڕەئی من کۆبونەوەی لاوان لەدەوری سیاسەت و ئامانجەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دەتوانێت هەنگاوێکی جیدی بێت لە ڕاستای بە کردەوە دەرهێنانی ئاوات و ئارەزووە ئینسانیەکانی ئێوە, من بانگەوازتان دەکەم بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە پەیوەست بن بۆ ئەوەی بەرەی ڕادیکاڵ و ئازادیخوازانەی ئەم کۆمەڵگایە بە هێزتر بێت و ئێوەش وەک ئینسان بژین .

بژین لاوانی کوردوستان

بژی ژیانی ئازاد و یەکسان

هیدایەت مەلا عەلی

2005-10-17